حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
وەزارەتی پەروەردە – لیژنەی باڵای ئەزموونە گشتییەکان
ئەزموونە گشتییەکانی قۆناغی ئامادەیی ( پۆلی دوازدەهەمی ویژەیی )

بەناوی خودای گەورە

بابەت :ئابووری / کات : ٣:٠٠ کاتژمێر

وەڵامی نموونەیی

ساڵی خوێندنی ٢٠٢٢ – ٢٠٢٣ خولی یەکەم

پە نجەمۆر

وەڵامی راست هەڵبژێرە ( بۆ هەر پرسیارێك دوو نمرە )

١.بازرگانی دەرەکی گرنگە چونکە دەرفەت بۆ دەوڵەتە تازە پێگەیشتووەکان دەرەخسێنێت تا لە دەوڵەتە پیشەسازی و پێشکەوتووەکان ...........ی دەست بکەوێت:

A- دەرامەتی ئابووری  B- کەرەستەی سەرەتایی  C- قەرز  D- بەرهەمی کشتوکاڵی

٢. لە قۆناغی باجی پێوانەیی ئەم جۆرە باجە بەدی دەکرێت:

A- دابەشکراو  B- هەڵکشاو  C- بە پێی جۆر  D- راستەوخۆ

٣.هەڵاوسان ئەو بەرزبونەوە بەردەوام و هەست پێکراوەیە لە ئاستی گشتی نرخەکان روودەدات لە ماوەیەکی دیاری کراو کە زیاترە لە :

A- سێ مانگ  B- چوار مانگ  C- پێنج مانگ  D- شەش مانگ

٤.دواکەوتنی شێوازەکانی بەرهەمهێنان لە ئابووری وڵاتە دواکەوتووەکان دەگەرێتەوە بۆ:

A- نەبوونی هۆیەکانی تەکنیکی تازەی هاوردە  B- دەگمەنی پرۆژەکانی پەرە پێدان
C- نزمی ئاستی داهاتی راستەقینە  D- نزمی کاری بەرهەمهێنان

٥.چونکە ئاما نجەکەی هێنانەدی بەرژەوەندی گشتییە پێویستە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە هاوکارو بەشداربن بەسەرەتاکانی پلان وەك مەرجێك بۆ سەرخستنی پلانەکە :

A- هەماهەنگی  B- سەرتا پاگیری  C- بەردەوامیەتی  D- پابەندبوون

٦.دیوانی چاودێری دارایی لە عێراق، یەکێکە لە نموونەکانی :

A- چاودێری بێلایەن  B- چاودێری یاسادانان  C- چاودێری کارگێڕی  D- چاودێری پێش وەختە

٧.چوونە دەرەوەی سەرمایەی نیشتمانی لە ئە نجامی نەمانی متمانە لای خاوەن سەرمایەکان بە هۆی ترسیان لە خۆماڵیکردن یان دەست بەسەراگرتن یان شڵەژانی رامیاری شێوەیەکە لە : A- کاریگەری داکشانەوە  B- کاریگەری ئابووری هەڵاوسان
C- کورتهێنانی تەرازووی پارەدان  D- شڵەژانە ماوەکورتەکان

٨.کرداره داراییەکان لە بەڵگە نامە ئامارییەکاندا تۆمار دەکرێن ئەم زانیاریانە بەڵگەی بە هێز دەبەخشنە :

A- زانستی یاسا  B- زانستە ئامارییەکان  C- زانستە ئابوورییەکان  D- زانستە سیاسیەکان

٩.بەکاردێت بۆ کەمکردنەوەی قورسایی قەرزی گشتی دەرەکی لەسەر شانی دەوڵەت :

A- قەرزی کورت خایەن  B- قەرزی ناوخۆ  C- زیاکردنی باج  D- دەرکردنی پارەی تازە

١٠.لەم رێسایە پێویستە زۆرترین داهات بە کەمترین تێچوون بەدەست بێت:

A- رێسای کەڵکی تێچوون  B- رێسای ئابوورییانە لە خەرجکردن
C- رێسای سەرلەبەری بودجە  D- رێسای رێگە پێدان

١١.دانانی رامیارییەکی هاوبەش لە بوارەکانی کشتوکاڵ و گواستنەوە یەکێکە لە برگەکانی :

A- رێکەوتنی هاڤانا  B- پە یماننامەی ماستریخت  C- پە یماننامەی روما  D- بازاری هاوبەشی ئەوروپا

١٢.گەشەکردنی دانیشتوان لە وڵاتە دواکەوتووەکان دەبێتە هۆی دەرکەوتنی دیاردەیەك کە لە زانستی ئابووری پێی دەگوترێ دیاردەی:

A- زیادبوونی خەرجییە گشتییەکان  B- کەم بوونی خەرجییە گشتییەکان
C- کەمبوونەوەی پارەدارکردنی خزمەتگوزاییە گشتییەکان  D- ( A و C ) راستن

١٣.لەگرنگترین ئامرازەکانی رامیاری داراییە بۆ چارەسەرکردنی هەڵاوسان:

A- کەمکردنەوەی باجەکان  B- زیادکردنی خەرجی میری
C- رێژەی یەدەگی دراوی یاسایی  D- هەموو وەڵامەکان هەڵەن

١٤. کۆنگرەی وەزاری رێکخراوی بازرگانی جیهانی هەڵدە ستێت بە دانانی ئەم لیژنانە :

A- لقییەکان+ پسپۆرەکان  B- بوجەو کارگێری + تەرازووی پارەدان
C- جێبەجێکردن + بەرێوەبردنی کارەکان  D- ( A و B ) راستن

١٥.رامیاری بازرگانی لە دەوڵەتە تازە پێگەیشتووەکان بە ئاما نجی هێنانەدی ..................... ئاراستە دەکرێت :

A- پەرە پێدانی ئابووری  B- ئاستێکی بەرز لە کارپێدان  C- سەقامگیری ئابووری  D-جێگیرکردنی ئاستی نرخەکان

١٦. بە گرنگترین وەرچەرخان دادەنرێ کە رێرەوی یەکێتی ئەوروپی لە ساڵی ١٩٩٢ وە تاوەکو ئێستاو داهاتووش دەست نیشان دەکات:

A-پەرلەمانی ئەوروپی  B-پە یماننامەی ماستریخت  C- تەواوکاری ئابووری ئەوروپا  D- بازاری هاوبەشی ئەوروپا

١٧. ئەگەر ناوەرۆکی زێر بۆ دینارێکی عێراقی =( ٢,٥٠ گرام ) لە زێر و ناوەرۆکی زێر بۆ دۆلارێکی ئەمریکی = ( ٥گرام ) لە زێر، ئەوا نرخی گۆرینەوەی دۆلار بەدینار یەکسانە بە :

A- ( ٢ دینار)  B- ( ٢,٥ دینار)  C- ( ٣ دینار)  D- ( ٣,٥ دینار)

١٨. ئەو سیستەمە رێدەگرێت لە گۆرینەوەی دراوی نیشتمانی بۆ دراوەکانی تر بە سەربەستی بکرێت و تەنها لە سایەی ئەو رێسا رێکخراوانەوە بێت کە دەوڵەت دایناون:

A- دراو گۆرینەوەی نەرم  B- دراو گۆرینەوەی جێگیر
C- کرداری هاوسەنگکردن  D- چاودێرکردنی گۆرینەوەی دراو

١٩. ( ماف پێدان و بەشکاری و بەکارهێنانی رەسم ) لە رامیاری پاراستنی بازرگانی چەندین شوێنەوارو ئە نجامی جۆراوجۆری لێ دەکەوێتەوە چونکە پێویستی بە ئیدارەیەکی عاقڵانەو ................ ... هەیە :

A- شارەزایی هونەری  B- سەرمایەی مرۆیی  C- کەسانی پسپۆر  D- پلانداناان

٢٠.وڵاتانی ئەوروپی تووشی گێژاوی هەڵاوسانی تێچوون بوون لەساڵی ( ١٩٧٣ ) کاتێك نرخی سەرچاوەکانی وزە ........... زیادیکرد :

A- دوو ئەوەندە  B- سێ ئەوەندە  C- چوار ئەوەندە  D- پێنج ئەوەندە

٢١. دەسهاتێکی گرنگ بۆ دەوڵەت دەستەبەر دەکات، لە رێگەی گرنگی دان بە بوارە جۆربەجۆرەکانی بەرهەمهێنان و دام و دەزگای بەرهەمداری:

A- پشك و قەباڵەکان  B- سامانی خانووبەرە
C- پرۆژەی پیشەسازی و بازرگانییەکان  D- رەسمی گومرگ

٢٢. رێگا خۆش دەکات بۆ زیاد کردنی پلەی پسپۆرسازی و کاردابەشکردنەوە لە رێگای زیادکردنی بەرهەم و فراوانکردنی گۆرینەوە لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆیی و جیهانی دا:

A- بازرگانی  B- قەبارەی بازار  C- هاوسەنگی تەرازووی پارەدان  D- کەڵەکەکردنی سەرمایە

٢٣. هاوسەنگ بوونی تەرازووی پارەدان لە رێگەی داهاتەکانەوە پشت دەبەستێ بە بیردۆزی ( کینز )، لەم هاوسەنگ بوونەش سەرەتا پێویستە جێگیری هەبێت لە : A- نرخی دراو گۆرینەوە  B- نرخی شمەکەکان
C- خستنەگەری تەواوەتی بۆ بنەماکانی بەرهەمهێنان  D- هەموو وەڵامەکان راستن

٢٤. کاتێك کورتهێنان دێتە ئاراوە دەوڵەت بۆ هاوسەنگکردنی بودجە پەنادەبات بۆ :

A- بەکار هێنانی یەدەگەکانی  B- دەرکردنی پارەی تازە  C- قەرزی ناوخۆو دەرەکی  D- هەموو وەڵامەکان راستن

٢٥. دامەزراندن و بینا دروستکردن لە ئابووری نەتەوایەتی تۆماردەکرێت لە :

A- کەرتی شمەك ئامێز  B- کەرتی دابەشکردن  C- کەرتی بەرهەمهێنان  D- کەرتی کارگوزاری

٢٦. کارەسات و دیاردە سروشتییەکان کاریگەری هەیە لەسەر: A- دەرکەوتنی داکشانەوە  B-نەرمی نواندن لە پلان دانان
C- جێبەجێکردنی پلان  D- هەموو وەڵامەکان راستن

٢٧. کارگە تازەکان ئامێرو مەکینە و کەرەستە خاوەکان دەبنە هۆی زیادکردنی ماددی.................. کە ئابووری لە ئاستی بەرهەمهێنان فراواتر دەکات:

A- سەرمایەی دەوڵەت B- سەرمایەی مرۆیی C- داهاتی ڕەخساو D- ڕەگەزی تەکنەلۆژیا

٢٨. لە ساڵی (١٩٩١) دامەزرا و لە ساڵی (١٩٩٥) بۆتە یەکێتیەکی گومرگی:

A- بازاڕی هاوبەشی قوچەکی باشوور B- کۆمەڵەی ئابووری وڵاتانی ڕۆژئاوای ئەفریقیا

C- بازاڕی هاوبەشی ئەوروپا D- ڕێکخراوی الایجاد

٢٩. بە پێشەنگی ئەوانە دادەنرێت کەبانگهێشتی پەرەپێدانی هەرلەخۆوە دەکەن لە ژێر ڕۆشنایی دەست وەرنەدانی دەوڵەت لە چالاکییە ئابوورییەکان :

A- کینز B- ئادەم سمث C- دیڤید ریکاردۆ D- فردریك لیست

٣٠. بیردۆزی شۆمپیتەر پشت بەم ئەگەرە دەبەستێت :

A- هێنانەناوەوەی جۆری تازەی شمەك B- کردنەوەی سەرچاوەی تازە بۆ کەرەستە سەرەتاییەکان

C- کرداری پارەدارکردنی پەرەسەندن لە ڕێگای پشتگیری بانکەکانەوە D- ڕەخساندنی قۆرخکاری

٣١. بەشی هەر وڵاتێك لە سندوقی دراوی نێو دەوڵەتی لەسەر چەند پێوەرێك دیاری کراوە ، وەك :

A-قەبارەی هاوردەکان B- سەرجەمی داهاتی نەتەوەیی

C- ڕێژەی ناردنی لە داهاتی نەتەوەیی D- هەموو وەڵامەکان ڕاستن

٣٢. کام لەم دەستەواژانەی خوارەوە ڕاستن:

A- ئێردراوی بینراو لە بازرگانی دەرەکی لە خزمەتگوزاری گەشت و گوزارو بانکەکان و گواستنەوە پێك دێت

B- کەرتی کەسەکان لە چالاکی بەرهەمهێنان هەڵدەستن بە کڕین و بەکاربردنی شمەك و کارگوزاریە بەرهەم هێنراوەکان

C- ئاما نجێکی ڕامیاری نرخ بەدیهێنانی جێگیربوونە لە ئاستی گشتی نرخەکاندا

D- لەبارگۆڕانی ئابووری بێ بازاڕی بە کەمبوونەوەی چالاکی ئابووری دەناسرێت لە زۆربەی کەرت و بوارە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان

٣٣. کام یەك لەم پرۆژانە لەسەر بنەمای بەدەستهێنانی خەرجی یاخود دەسهات بەڕێوە دەچێت، بۆ ئەوەی هەر ماوەیەکی ژمێریاری تەنها بەخەرجی و دەسهاتەوە دیاری بکات:

A- پرۆژە گشتییەکان B- پرۆژە تایبەتییەکان C- پرۆژە ستراتیژییەکان D- (A و C) ڕاستن

٣٤. لەم ڕێگەیەی حیسابکردنی داهاتی نەتەوەیی، خەرجییەکان لە سەر بنەرەتی دوا بەکارهێنانیان حیساب دەکات، پێشی دەوترێت:

A- داهاتی دابەشکراو B- بەهای زێدە دانراو C- بەکارخستن D- بەهای پێویستییەکانی بەرهەمهێنان

٣٥. کاریگەری خراپ دەکەنە سەر ئاستی دابەشکردنی داهات و سامان و تەرخانکردنی دەرامەتە ئابوورییەکان بەسەر لقەکانی بەرهەمهێناندا :

A- لاسەنگی تەرازووی پارەدان B- جێگیرنەبوونی ئاستی نرخەکان C- دواکەوتووی ئابووری D- نزمی ئاستی کارپێدان

٣٦. زاراوەی ڕامیاری دارایی بە شێوەیەکی گشتی ئەوە دەگەیەنێت کە میری هەڵدەستێت بە نەخشەدانان بۆ:

A- ڕێکخستنی کاروباری بانکەکانی ناوەندی و بازرگانی B- دانانی یاساو ڕێسا بۆ بازرگانی دەرەکی

C- خەرجییەکان و دابینکردنی ڕێگەکانی پارەدارکردنیان D- دیاریکردنی نرخەکان

٣٧. زیاد بوونی بڕی پارە لە کۆمەڵگە بێ ئەوەی زیاد بوونی قەبارەی بەرهەمهێنانی شمەکی لەگەڵ دابێت دەبێتە هۆی :

A- لاسەنگی تەرازووی پارەدان B- دابەزینی هێزی کڕینی پارەکە

C- زیادبوونێکی لە ناکاو لە دەستاو دەستکردنی دراو D- (B و C) ڕاستن

٣٨. مەبەست لەم ڕێسایە ئەوەیە کە چالاکی دەسەڵاتی گشتی وەك خۆی دەردەخات و دەسەڵاتی یاسادانانیش دەتوانێ چاودێری ئەم جێبەجێکردنەی بودجە بکات:

A- تەرخان نەکردن B- گشتگیری C- ساڵانەی بودجە D- هاوسەنگی بودجە

٣٩. (باج بە پێی بەها ، باج بە پێی جۆر، باجی بەناو ) لە جۆرەکانی باجی گومرگن دابەشکراون لە رووی:

A- کارگێڕی B- دارایی C- ئابووری D- هونەری

٤٠. کار دەکاتە سەر پاشماوەی هەر سپاردەیەك لای بانکی بازرگانی و توانای ئەم بانکانە بۆ قەرزدان و دابینکردنی دراو بۆ دەستاو دەستکردن لە ئابووری نیشتمانیدا :

A- کردارەکانی بازاڕی کراوە B- گۆڕانی ڕێژەی یەدەگی نەختینەیی یاسایی

C- گۆڕینی نرخی سوو D- گۆڕینی نرخی باج

٤١. ئەو بەشەی کە دەوڵەتی ئەندام لە بانکی نێو دەوڵەتی هەڵی دەگرێت بۆ ئەو کاتەی بانکەکە پێویستی پێ دەبێت دەگاتە :

A- ١٨٪ B- ٢٥٪ C- ٨٠٪ D- ٢٪

٤٢. پلانی ئابووری ئامادە دەبێت بۆ جێبەجێکردن لە دوای:

A- داڕشتنی پلانەکە بە تەواوەتی B- گفتوگۆکردن و پیشاندانی تێبینیەکان

C- گەیشتنی بۆ کەرتە پەیوەندیدارەکان D- دەرکردنی یاسای پلان

٤٣. سەرچاوەی باج بریتییە لە :

A- ئەوەی لە دەفری باج وەردەگیرێ B- زیاد دەکات بە پێی بنەمای سەرچاوەی باجەکە

C- ئەوەی دەکەوێتە ژێر ڕکێفی باجەوە D- بڕێك پارەی نەگۆڕ کە دەخرێتە سەر یەکەیەکی شمەك

٤٤. دابەزاندنی نرخی سووەکان و زیادکردنی قەبارەی قەرزدان ، پەیوەندی هەیە بە :

A- ئاسانکاری دڵنیاکردنەوە B- بەخشین لە باجەکان

C- پاراستنی شمەکە ناوخۆییەکان لە بەربەرەکانی شمەکە بیانییەکان D- پێشکەشکردنی هەندێ کارگوزاری

٤٥. ناتوانێ خستنەگەڕی تەواوەتی بهێنێتەدی و نەئاستی گشتی نرخەکان سەقامگیربکات:

A- ڕامیاری بازرگانی B- ڕەسمی گومرگ C- ئابووری ئازاد D- گۆڕینی تێکڕای باج

٤٦. باوەڕیان بە دابەشکردنی ڕێژەی داهات هەیە بۆ( کرێ و موڵکانەو سوو ) چونکە کاریگەری گرنگی هەیە لەسەر کرداری پەرەسەندن:

A- هزری کلاسیکی B- سیستەمی سۆشیالستی C- سیستەمی تێکەڵ D- سیستەمی نوێ

٤٧. بازرگانی دەرەکی سەرچاوەیەکی داهاتە بۆ زۆربەی دانیشتوان جا لە ڕێگە چالاکی ڕاستەخۆ یاخود چالاکییە یارمەتی دەرو تەواوکراو بێت وەك:

A- گواستنەوە B- داگرتن C- هەڵگرتن D- هەموو وەڵامەکان ڕاستن

٤٨. ( حسابی زێری نەختینەیی ) لە زێری نەختینەیی و حسابێکی تریش پێکدێت دەتوانرێت بگۆڕدرێتەوە،وەك:

A- تەرازووی بازرگانی B- کاغەزە بازرگانییەکان

C- یەدەگی دراوە بیانییەکان D- یەدەگی دراوە نیشتمانییەکان

٤٩. بازرگانی دەرەکی تووشی مەترسی نەختینەیی دەبێت بەهۆی:

A- ناچوونیەکی لە بوونی بەربەستە سروشتی و کارگێڕییەکان B- ئەگەرێکی گەورە هەیە کە نرخی دراو گۆڕینەوە بگۆڕێت

C- سەربەستی دراو گۆڕینەوە بوەستێت D- (B و C) ڕاستن

٥٠. مەرج نییە بۆ پلاندانانی ئابووری:

A- نەرمی نواندن لە پلاندا B- داڕشتنی ئامانج C- ریالیزمی D- بەردەوامیەتی